7- ئامادەکردنی راپۆرتی ساڵانە لە بارەی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستاندا.

8- هاریکاری کردن لەگەڵ ئەورێکخراوانەی کە گوێ بە مافی مرۆڤ دەدەن لە ناو هەرێم ولە دەرەوەیدا، لەگەڵ حزبی سیاسی و کۆمەڵەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هزری و هاووڵاتیاندا بۆ دابین کردنی چاك پیادەکردنی رێککەوتننامە نێو دەوڵەتیەکان و ئەو یاساکارییانەی دەرچوون لە بارەی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا.

9- هاریکاریی و هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ دەزگاو وفەرمانگە حکومەتیەکان ورێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان بۆ بەرجەستەکردنی چەمکی مافی مرۆڤ و دەرخستنی ئەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ کە تووشی گەلی کوردستان بوون.

10- کارکردن لە پێناوی نەهێشتنی پاکتاو کردنی رەگەزیی.

11- بەشداریی کردن لەو کۆنگرە وکۆبوونەوە نێودەوڵەتییانەی کە پەیوەندیدارن بەمافی مرۆڤ.

ماددەی چوارەم: پێکهاتەکانی وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێکدێن:

1- نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆبێت و ژمارەیەك لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن.

2- نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەریك سەرۆکایەتی دەکات خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت وچەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

3- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری کارگێڕیی ودارایی.

4- بەڕێوەبەرایەتی گشتی مافی مرۆڤ :هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکانی مافی مرۆڤ لە پارێزگاکانی (هەولێر وسلێمانی ودهۆك) ی پێوە دەلکێ.

ماددەی پێنجەم: وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لە گەڵ کەسایەتی سروشتی ومەعنەوی لە خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیی لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم ساز بدات بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارو ئەرکانەی کە پێی دەسپێردرێ بۆ ئەو ماوەیەی کە بەگونجاوی دەزانێ و ئەمەش بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەتەو ماف و ئەرکەکانیان لە دوای وەرگرتنی رەزامەندیی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن وەزیرەوە دەسنیشان دەکرێن.

ماددەی شەشەم: وەزیر دەستەڵاتی پێکهێنانی لیژنەی هەمیشەیی وکاتی هەیە بۆ جێبەجێ کردنی کارو ئەرکی دیاری کراو.

ماددەی حەوتەم: وەزیر دەستەڵاتی دانانی بەڕێوەبەرایەتی وبەش وهۆبەی نوێ یا لێکدان یا خود هەڵوەشاندنەوەیان لە کاتی پێویستدا هەیە، هەروەها دەستەڵاتی دانانی لیژنەی هەمیشەیی و کاتی هەیە بۆ جێبەجێ کردنی کارو ئەرکیی دیاریکراو.

ماددەی هەشتەم: نووسینگەکانی سەر بە پارێزگای کەرکووك جارێ بەشێوەیەکی کاتی سەر بە پارێزگای سلێمانی دەبن تاکو ماددەی 140ی دەستووری عیراق جێبەجێ دەکرێ.

